# چۆنێتی کۆکردنەوەی نمونەی میزی پاك

## بۆ ساوا و منداڵانی تەمەن بچووک


### شێوازی کۆکردنەوەی میزی پاك

1




پێش کۆکردنەوە و دوای کۆکردنەوەی نمونەکە دەستەکانت بە ئاو و سابون بشۆ.

2




قەپاخی دەفرەکە لابە و بیخە سەر ڕوویەکی پاك و ڕووی ناوەوەی بەرەو سەرەوە بێت.

3



بۆ مندالانی ڕاهێنراو لەسەر بەکارهێنانی تەوالێت، خۆت وا ئامادە بکە کە بتوانیت هەندێك میز لەناو دەفرەکە کۆبکەیتەوە لەکاتێکدا منداڵەکە میز دەکات. هەوڵبدە لە چەند دڵۆپی یەکەم دوور بکەویتەوە و میزەکە کۆبکەوە لە ناوەڕاستی میزکردنەکە. دەفرەکە پڕ بکە لەمیز چەند دەتوانیت بەبێ ئەوەی لێ بڕژێت، یان تا هێڵی نیشانەکراو ئەگەر هێڵێك هەبوو.

4



زۆرێك لە کۆرپە و مندالە ساواکان دوای ماوەیەکی کەم لە خواردنەوە یان شیرپێدان میز دەکەن.
دەتوانیت هەوڵبدەیت نمونەیەك کۆبکەیتەوە لەو کاتەی عەفازەی لەبەردا نیە دوای شیرپێدان.

- دەفرەکە ئامادە بکە و حەفازەی منداڵەکە دابکەنە. ئەندامی زاوزێی پاك و وشك بکەرەوە.
- منداڵەکە لەسەر قوماشێك یان پادێك دابنێ کە دەتوانرێت بشۆردرێت و لە نزیکەوە چاودێری بکە.
- کاتێك دەستی بە میزکردن کرد، دەفرەکە لە پێستی دوور بخەرەوەو بڕێك میز کۆبکەرەوە.

5



مەساجکردنی نەرمی ناوچەی سەرەوەی کۆئەندامی زاوزێ (خوارەوەی سك، لە ناوەڕاست) بە پارچەیەك گۆزی تەڕ و سارد ڕەنگە یارمەتیدەر بێت بۆ هاندانی کۆرپەکە بۆ میزکردن.

6



دوای کۆکردنەوەی نمونەکەت ڕاستەوخۆ قەپاخەکە دابنێ لەسەر دەفرەکە و بە باشی توندی بکەوە.

7



پاد، لۆکە، گۆز یان هەر ماددەیەکی تر بەکارمەهێنە بۆ کۆکردنەوەی میز، ، چونکە لەوانەیە کاریگەری لەسەر ئەنجامی پشکنینەکە هەبێت.

## خاڵە گشتییەکان

- پێش کۆکردنەوەی نموونەکە، ئەندامی زاوزێی منداڵەکە پاک بکەرەوە و وشکی بکەرەوە.
- هەمیشە دەستەکانت بە ئاو و سابون بشۆ پێش کۆکردنەوە و دوای کۆکردنەوەی هەر نمونەیەکی میز.
- دەفرە تەعقیم کراوەکە (Sterile container) مەکەوە تا ئەو کاتەی ئامادە دەبیت بۆ کۆکردنەوەی نموونەکە.
- دوور بکەوە لە دەستدان لە ناوەوەی دەفرەکە، و مەهێڵە ئەندامی زاوزێی منداڵەکە بەر هیچ بەشێکی بکەوێت.
- ئەگەر کارمەندی تەندروستی داوای لێ کردوویت، پێش کۆکردنەوەی نموونەکە زانیارییەکان لەسەر لێبڵ (لەزگە)ی دەفرەکە بنووسە.

## پوختەی زانیاری

**نمونەی میزی پاکو خاوێن چییە؟**

نمونەی پاکوخاوێن بریتیە لە میز کە ڕاستەوخۆ لەناو دەفرێکدا کۆدەکرێتەوە بەبێ ئەوەی دەست لە پێست، ئەندامی زاوزێ یان هیچ ڕوویەک بدات.

**بۆچی پێویستە نمونەیەکی پاک وەربگرم؟**

ئەم شێوازە یارمەتی وەستاندنی میکرۆبەکانی دەرەوەی لەش دەدات بۆ ناو میز، ئەمەش ئەنجامی پشکنینی وردتر دەدات.

**ئایا دەتوانم پەرداخ یان دەفرێکی ناو ماڵ بەکاربهێنم؟**

دەبێت تەنها ئەو دەفرە بەکاربهێنیت کە پسپۆری چاودێری تەندروستی پێی داویت بۆ کۆکردنەوەی نموونەکە.

**ئایا گرنگە کەی نموونەکە کۆبکەمەوە؟**

هەوڵبدە نموونەکە لە نزیکترین کاتی چاوپێکەتنەکەت کۆبکەیتەوە بۆ ئەوەی باشترین جۆری نموونەت دەستبکەوێت. هەوڵبدە نمونەکە وەربگریت پێش منداڵەکە دەرمانی ئەنتی بایۆتیك دەخوات.

## ئامۆژگارییەکان بۆ گەڕاندنەوەی نموونەی میز

**نموونەکە بە خێرایی بگەڕێنەوە:** لە زووترین کاتدا بیبە بۆ لای دابینکەری چاودێری تەندروستی – باشتر وایە لە ماوەی 2 کاتژمێردا بێت.

**بە ساردی بیپارێزە**
ئەگەر ناتوانیت نموونەکە بە خێرایی بگەڕێنیتەوە، بیخەرە ناو کیسەیەکی پلاستیکی و لەناو سەلاجەدا هەڵی بگرە تا ئەو کاتەی دەتوانیت بیبەیت.

**کاتەکانی گەیاندن بپشکنە**
بپرسە کەی دوایین کاتی ڕادەستکردنی نمونەکەیە، بۆ ئەوەی نمونەکە بتوانێت لە هەمان ڕۆژدا بگاتە تاقیگە.

**دەفری تایبەتی تەعقیم کراو بەکاربهێنە**
هەندێك دەفر پاوەدری پارێزەر (Preservative powder) و هێڵێکی دیاریکراوی پڕکردنەوەیان هەیە. هەوڵبدە تا هێڵەکە پڕی بکەیتەوە، بەڵام ئەگەر نەتوانی، تەنها هەر برە میزێک کە دەتوانیت کۆی بکەرەوە.

**ئێرە سکان بکە** بۆ زانیاری زیاتر

مافی لەبەرگرتنەوەی پارێزاوە بۆ کراون © (Crown copyright 2026). وەشانی 1. بڵاوکراوەتەوە: مانگی جولای 2026. بەرواری پێداچوونەوە: مانگی جولای 2029. ئەم بەڵگەنامەیە لەگەڵ کارمەندە پیشەییەکانی چاودێری تەندروستی پەرەی پێدراوە،
نەخۆش و دەزگا پزیشکییە پیشەییەکان. پرۆگرامی تارگێت (TARGET) لەلایەن ئاژانسی ئاسایشی تەندروستی بەریتانیا (UK Health Security Agency) بەڕێوەدەبرێت.